کتێبی: مارکس لە ئێستادا

گفتوگۆی دەنگەکان
لەگەڵ نووسەران و ڕۆشنبیران
سەبارەت بە بیرمەندی گەورە کارڵ مارکس

بەشداربووانی ئەم مەلەفە:

-عەدنان کەریم – بەن لویس – دلێر محەمەد شەریف – هەندرین
هەلیل تیکتین – جۆگیبینس- جێسیکا کاسێ – کامیار سابیر
-کاروان عومەر کاکەسوور – پرۆفیسەر لارس تی لی – مایکڵ مەکنەر
پەر ئاک وەستەرلاند – نزار عەبدوڵا – سەباح ئەحمەد
سیروان عەبدول – سیاوەش گودەرزی – سەران ئازاد.

[بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ...](#)

گوتاری ئەی مارکسیست!! … مەری بکچین -4- … و: زاهیر باهیر

By Murray Bookchin
و: زاهیر باهیر

بەشی چوارەم:

بەکورتی ئیمە داوامان لێدەکرێت کە بگەڕێینەوە بۆ ڕابوردوو بۆ لە بەینچونمان لەبری گەشە و ژیانمان بۆ ناچارکردنی هەژاندنی واقیعی ژیانمان. ئەم داوالێکردنەش بۆ ئومێدی هیوا و بڕوانکانیان لە فکرێ کۆنە بەسەرچووە مردووکانی تەمەنکی پێشینەی بەدوور لە ئێستادایە. داوامان لێدەکرێت کە کار بۆ پرنسیپانە بکەین نەک بۆ

تەنها لە ڕوی تیئوریيەوە بەسەرچوون بەکو بە هەی پێشکەوتنی خودی کۆمەڵگەکە خۆشیيەوە. مارکس و ئینگلس و لینین و تڕۆتسکی مردوون، هاوکاتیش تەنانەت سادەترین ئاراستەش کە وێنە کێشراون لە لایەن بیرمەندکانەوە بە دوایاندا نەهاتووە … هەرچەندێك زیرەك و چاك بووبێتن، هەشتا فکر و ئاوەزیان پێشکەی لە چەرخی نۆزدە و یاخود سەرەتای ساڵانی چەرخی بیست دایە.

ئەمە خودی سەرمایەداریيەمان دیوە کە ئەدای گەلێك وزیفە دەدات و بەجێیان دەهێنێت (لەوانە گۆشکردنی تەکنەلۆجیا بە کەمککردن بە زیادکرنی کارەساتکانی ژیان) کە ئەمە بە مەرجێکی سۆشیالیستی، دانراوە، " خەماڵیکردنی " مووکیيەت و یەککەوتنی یاخود ئاوەتەبوونی دەوڵەت لەگەڵ ئابوریی لە هەر شوێنێکدا کە زەرووری بووبێت، بینیوە . چینی کرێکارانیشمان بینی کە بە " بریکاری یاخود دینەمۆی گۆڕانکاری شۆشگێڕانە" دادەنران کەچی بە لایەنگراون کە تا ئێستاش هێشتا لەتەك هێیکەلی بورجوازیدا لە ململانێدان بە کرێی زیاتر، کاژێری کەمتری سەر کار هێزوهێا بیمە " جوزئیيەکان، لاوەکیيەکان" . ئاشکرایە کە ململانێی چینایەتی بە واتا کلاسیکیيەکەی بەسەرنەچووە، بەکو کرێکاران چارەنوسی زیاتر تاڵوکەیی و هیلاکەتیان چێشتووە بە خۆگونجاندنیان و بەشداریکردنییان لە سەرمایەداریدا.

خەباتی شۆشگێڕانە لە ناو وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتوودا بەرەو زەمینەیەکی نوێی مۆزوویانە، چووە، بووە بە خەباتی نەوانی نەوەیەك لە گەنجان، لاوان کە قەیرانی درۆژخایەنی ئابووریيان، کولتور، بەها و بنەرخەتی قیيەم، هێزوهێا دەسگەکانی نەوەی کۆن لە کەنەپارێزان کە دید و سەرنجیان لەسەر ژیان بە هەی کێشەی کەمی پەداویستیيەکانەوە و تاوان و سازشکردن و ئەخلاقی سەر کار و هێزوهێا هەوەدان بە زامنکردنی کارەساتکانی ژیان، هیچ کام لەمانیان نەدیوە.
دوژمنکانمان تەنها دامەزراوە بورجوازییە بەرچاوکان و جیهازکانی دەوڵەت نین، بەکو هەوەست و دیدگایەکن کە کەمك و یارمەتیان پەدەدرێت لە نەوانی لیبراڵکانا، سۆشیالدیمکراتکانا، ئەوانەی کە دووی ماسمیدیای بگۆن کەوتون، پارتە " شۆشگێڕکانی" ئابووردوو کە ڕەنگە دەردەدار و زەرەرمەند بن بەقەدەر ئەوانەی کە دووی مارکسیزم وەکو دین کەوتوون، هێزوهێا کرێکارانەك کە لە ڕەگای ڕەکخستنی قوچکەیانەی کارگەوە هەیمەنکراون، لە ڕەگای ڕەوتینیاتی پیشسازییەوە، هێزوهێا لەڕەگای ئەخلاقی سەر کارەوە. هەموو ئەمانە

دوژمنمانن.

خاڵك كە لەرەدا هەیە یاخود گرفتەكە ئەوەیە كەرتبووون و دابەشبووونەكان لە ئێستادا هەموو جارێكانی چینە كلاسیكییەكانیشی گرتووەتەوە، ئەمانە كەمێك گیروگرفتیان وروژاندووە كە هیچ كام لە ماركسییەكان كە میل و ئاشنایەتی و نزیكییان هەیە لەتەك ئەو كەمانەی كە بە قەناخی نوقسانیی پەداویستییەكانا تێپەڕیون، ناتوانن پێشبینی بكەن.

بەكورتی ئیمە داوامان لەدەكرێت كە بگەڕێینەوە بۆ ئابووردوو بۆ لە بینچونمان لەبری گۆشە و ژیانمان بۆ ناچاركردنی هەژاندنی واقیعی ژیانمان. ئەم داوالێكردنەش بۆ ئومێدی هیوا و بڕوانەكانیان لە فكرە كۆنە بەسەرچووە مردووەكانی تەمەنێكی پێشینەی بەدوور لە ئێستادایە. داوامان لێدەكرێت كە كار بۆ پرنسیپانە بكەین نەك بۆ تەنها لە ڕوی تیئوریییەوە بەسەرچوون بۆكو بۆ هەی پێشكەوتنی خودی كەمەكە خۆشییەوە. مرۆڤ نەوەستاوە لەو كاتەوەی كە ماركس و ئەنگلس و لینین و تڕۆتسكی مردوون، هاوكاتیش تەنانەت سادەترین ئاراستەش كە وێنە كێشراون لە لایەن بیرمەندەكانەوە بۆ دوایاندا نەهاتووە … هەرچەندەك زیرەك و چاك بووبێتن، هەشتا فكر و ئاوەزیان پێشكەی لە چەرخی نەزدە و یاخود سەرەتای سەدانی چەرخی بیست دایە.

ئەمە خودی سەرمایەداریییمان دیوە كە ئەدای گەلەك وزیفە دەدات و بەجێیان دەهێنێت (لەوانە گۆشكردنی تەكنەلۆجیا بۆ كەمككردن بۆ زیادكرنی كارەساتكانی ژیان) كە ئەمە بۆ مەرجێكی سۆشیالیستی، دانراوە، " خەماڵێكردنی " مولكییەت و یەككەوتنی یاخود ئاوێتەبوونی دەوڵەت لەگەڵ ئابوریی لە هەر شوێنێكدا كە زەرووری بووبێت، بینیوە . چینی كرێكارانیشمان بینی كە بۆ " بریكاری یاخود دینامۆی گەشانكاری شۆشگێڕانە" دادەنران كەچی بۆ لایەنكراون كە تا ئێستاش هەشتا لەتەك هەیكەلی بورجوازیدا لە ململانێدان بۆ كرێی زیاتر، كاژێری كەمتری سەر كار هەروەها بیمە " جوزئییەكان، لاوكییەكان" . ئاشكرایە كە ململانێی چینایەتی بۆ واتا كلاسیكییەكەی بەسەرنەچووە، بەڵكو كرێكاران چارنوسی زیاتر تالوكەیی و هیلاكەتیان چێشتووە بۆ خۆگونجاندنیان و بڕشداریكردنییان لە سەرمایەداریدا.

خەباتی شۆشگێڕانە لە ناو وڵاتانی سەرمایەداریی پێشكەوتوودا بەرەو زەمینەیەكی نوێی مرۆڤویانە، چووە، بووە بە خەباتی نەوانی نوێیەك لە گەنجان، لاوان كە قەیرانی درژخایەنی ئابووریییان،

کولتور، بەها و بنەرەتی قیەم، هەڕوەها دەسگەکانی نووسینی کەن لە کەنەپارەزان کە دید و سەرنجیان لەسەر ژیان بە هەی کەشەی کەمی پەداویستیەکانوە و تاوان و سازشکردن و ئەخلاقی سەر کار و هەروەها هەوەدان بە زامنکردنی کەرەسەکانی ژیان، هیچ کام لەمانیان نەدیوە. دوژمنەکانمان تەنها دامەزراوە بورجوازییە بەرچاوەکان و جیهازەکانی دەوڵەت نین، بەڵکو هەموو دیدگایەکن کە کەمەك و یارمەتیان پەدەرەت لە نەوانی لیبراڵەکانا، سەشیالدیمەکراتەکانا، ئەوانەی کە دووی ماسمیدیای بەگەن کەوتون، پارتە " شەشگەڵەکانی" ابووردوو کە هەنگە دەردەدار و زەرەرمەند بن بەقەدەر ئەوانەی کە دووی مارکسیزم وەکو دین کەوتوون، هەروەها کرەکارانەك کە لە هەگای هەکخستنی قوچکەیانەی کارگەوە هەیمەنەکراون، لە هەگای هەوتینیاتی پیشەسازییەوە، هەروەها لەهەگای ئەخلاقی سەر کارەوە. هەموو ئەمانە دوژمنمانن.

خاهەەك کە لەەردا هەیە یاخود گەرفتەکە ئەویە کەرتبەوون و دابەشبوونەکان لە ئەستادا هەموو هیزەکانی چینە کلاسیکییەکانیشی گرتەتەوە، ئەمانە کەمەهەك گیروگرفتیان وروژاندووە کە هیچ کام لە مارکسییەکان کە مەیل و ئاشنایەتی و نزیکییان هەیە لەتەك ئەو کەمەهانەی کە بە قەناخی نوقسانیی پەداویستییەکانا تەپەیون، ناتوانن پەشبینی بکەن.

درێژەی هەیە

.....

ژیانەوە – یەکەم هەژنامەی هەوو زەردی کەەەوردی 1924_ 1926 و بەاوکەرەوەی " عەراقچیەتی "

سەلام ناوخەش

دەروازە

لە مژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا ئاماژە بە ڕۆژنامەی " کوردستان " دەکرێت ، کە ڕۆژنامەی ئۆپۆزسیونی کوردیە کە لە دەرەوەی کوردستان دەرکراوە ، هەروەها ئاماژە بە ڕۆژنامەی " پێشکەوتن " دەکرێت ، کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردیە لە کوردستان دەرچوو بێت . ئەو هەموو " یەکەم"-ە پانتاییەکی فراوان لە ڕۆژنامەگەری کوردی دەگرێت .
لەم کورتە وتارەدا دەمەوێ ڕۆناکی بخەمە سەر یەکەم ڕۆژنامەی ڕووزەردی کوردی لە شاری کوردی ، بنکەی بەرخوردانی سەدەی بیستەم .

ناساندنی ڕۆژنامەی " ژیانەوە "

ڕۆژنامەی " ژیانەوە " لە پاش ڕۆژنامەی " تێگەیشتنی ڕاستی " و " پێشکەوتن" ، ئینگلیز یەکەم ڕۆژنامەی خۆی بە قەڵەمی کوردی دەرکرد .جەباری 1970،ل86_87 دەربارەی ڕۆژنامەی ژیانەوە دەنووسێت : " ڕۆژنامەیەکی وێژەیی هەفتانەی کوردی بووە ، کاربەدەستانی میری لە 18 \ 8 \ 1924 لە سلێمانی دەریان دەکرد ، هەر لە ژێر ئەو ناونیشانە مایەوە هەتا ڕۆژی 14 \ 1\ 1926 پەنجا و شەش ژمارەی لێ دەرچوو . عومەر 2001 ، ل121 لە ماستەرنامەکەیدا ئاماژە بە لەرزێکی شوناسی ئەو تەنە نامۆیە لە شاری سلێمانی دەکات ، کە هەتا درەنگانێك نەیتوانیوە لە سەر پێناسەیەك ، لێگەیەك لەنگەر بگرێت : لە ژمارە یەك ئەم دەستەواژەیە نووسرا بوو : ئەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی حکومەتییە هەفتەی جارێك دەردەچێت ، کەچی لە ژمارە شازدە و حەڤدە بووە :ئەم غەزەتە یە غەزەتەیەکی حکومەتییە و هەفتەی دوو جار دەردەچێ . لە ژمارە هەژدە ئەو دەستەواژەیە گۆڕا بوو بە ئەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی سیاسی ، ئەدەبی ئیجتیماعییە ، هەفتەی دوو جار دەردەچێت . لە پاشان لە ژمارە 20 هەتا 56 ، کە دواین ژمارەیە بەو ناوە ، ژیانەوە ، دەستەواژەکە بووە :ئەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی سیاسی ، ئەدەبی ، ئیجتماعییە هەفتەی یەك جار دەردەچێ."

بە پێچەوانەی عورفی ڕۆژنانەنووسی ڕۆژنامەی ژیانەوە ناوی سەرنووسەر لە سەر نەبوو ، بەڵام لە ژمارە 37ەوە دەردەکەوێت ، کە جەمیل صائیب ، دوژمنی سەرسەختی شێخ مەحموود و نووسەری نزیکی لە خەوما سەرنووسەری بووە . ئەو نوقڵتە ، کە دژ بە ئایدیاڵیزمای هزری و سیاسی شێخ مەحموود بوو ، لە ژمارە 28 هەتا دوا ژمارەی ژیانەوە بە زنجیرە لەوڕی بڕاوکردەوە هەروەها بەشەکانی تری لە ڕۆژنامەی ژیان ، جگرەوەی ڕۆژنامەی ژیانەوە ، بڕاوکردەوە.
ئەوەی جگەی سەیر و تەماشانە ، ڕۆژنامەی ژیانەوە تەنها مانگێك

دوای ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال دەرچوو ، ڕۆژنامەکە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بوو بە زمانی کوردی قسە و جۆنی بە شێرشی کوردی ئەوسا دەدا ، هەروەها لەمە خەتەرناکتر یەکەم ڕۆژنامە بوو باسی لە عێراقیبوون و کوژاندنەوەی سەربەخێیی دەکرد ، بە دیدی یەکێ لەو نووسەرە کوردە عێراقچیانە ، ڕۆژنامەی ژیانەوە سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو ، عومەر ، ل118 !

کەواتە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەی ژیانەوە چ وەك ئایدیۆلۆژیای هزری یا سیاسی تەواو دژ بە شێخ مەحمود بوون.
ئینگلیز و ڕۆژنامەی ژیانەوە
کەس گومانی لەوەدا نیە بزاڤەکەی شێخ مەحموود نیمچە بنەماێەیی و دەرەبەگی بوو . زۆر گرینگیش بوو چاوێکی ێەخنەیی بۆ ێەوشەکە هەبێت بۆ ئەوەی تەنیا لە نوخبەیەك قەتیس نەبێت . بەڵام وەك مەسعود موحەمەد وتەنی خودی فیودالی وەك سیستەم لە نێو کورددا نەبووە ، هەندێ نوخبەی منەوەر لە ورده بۆرژوای کورد چەندەهای بنەماێەی ناوزەدکراو بە دەرەبەگ یا مەلاك و زەویدار ، هەندێ لەوانە ژیانی خێیان کردێتە قوربانی " کوردایەتی " کەچی زۆر ورده بۆرژوا و منەوەری کورد ژیانی خێی کردێتە قوربانی " عێراقچیەتی " بە نیازی ئەوەی سەنترالیزم ، لیبرالیزم یان سۆشیالیزمی بۆ بە بەرهەم دێنێ .

ئینگلیز خێی لەو ورده بۆرژوا و منەوەرە کورده دەگەڵا ، هەر بۆیە جەمیل صائب هەر چەند هەفتەیەك دوای کەوتنی سلێمانی ، کەرکوکی بەجێهێشت و گەڵایەوە سلێمانی ، هەر مانگێك دواتر ڕۆژنامەی ژیانەوەی دەرکرد (عومەر 2001 ، ل162).

ئینگلیز دەرکی بەوە کرد ، کە بە ڕۆژنامەی وەك تێگەیشتنی ڕاستی و پێشکەوتن ئامانجی خێی لە سلێمانی ناپێکێت ، بۆیە بیری لەوە کردەوە کە بە " منەوەر"ی کورد لە نوێنەری سیاسی کورد بدات . تێ سەیر بکە تەنها یەك مانگ لە نێوان کەوتنی " ئومێدی ئیستقلال " و " ژیانەوە " هەیە . جەباری 1970 ، ل86 هەروەها خەزنەدار و زەنگەنە 2011 ،ل 39 دەنووسن : پاش داگیرکردنی شاری سلێمانی لە مانگی تەمووزی 1924 ، ڕۆژنامەی " ئومێدی ئیستقلال " پەکی کەوت و ڕۆژنامەگەریی سیاسی لە کوردستانی باشوور لە بەر چاوان نەما و بزر بوو…"
ڕاستە ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال زمان حالی حکومەتی شێخ مەحموود بوو ، سەرنووسەری نوێی ڕۆژنامەکە ، حسێن نازم ، هەم وشەی " سیاسی" لە سەر ڕۆژنامەکە لابرد ، هەمیش لە ژمارە چواردەوە

ویستویەتی خێی لە گۆچەلی سیاسەت دوور بگری ، وەك لە نووسینەکەی ژمارە چواردە دا هاتووە : " تەعەرووزی سیاسات ناکەم مەباحیس و مەقالاتێك کە لزومی بێ بێ سیاسەت و سەلامەتی مەملەکەت قبوول و دەرجی ناکەم !"
سیاسەتی ئینگلیز ئەوە بوو شتێك نەبێ بە ناوی " حوکومەتی کوردی "ەوە ، بەکو سلێمانی وەك شارەکانی دی کوردی ببێتە بەشێك لە دەوڵەتی عێراق ، با بزانین ڕۆژنامەی ژیانەوە چۆن ئەو سیاسەتەی ئینگلیزی بە زۆربەی منەوەری کوردی لە کوردستان بەرجەستە کرد.

ئەو ڕۆژنامەیە، سەرەتای مێتەکەی لکاندنی باشووری کوردستانی بە عێراق لێکەوتەوە، بە جۆرێك وەك خەزنەدار و زەنگەنە دەنووسن : بە کەوتنی ئومێدی ئیستقلال و دەرچوونی ژیانەوە : ڕۆژنامەگەریی سیاسی لە کوردستانی باشوور لە بەر چاوان نەما و بزر بوو " هەروەها جارێکی تر ئینگلیز و عێراق بە درێژ ئاماژەیان بە دەوڵەتی کوردی نەکرد.
لە مەسەلەی لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقدا زۆربەی نووسەری کورد ئینگلیز خەتابار دەکەن ، بە دەگمەن ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشێك لە منەوەری کورد ئامرازی ئەو سیاسەتەی ئینگلیز بوون .

ئەمین (2002 ، لە 344) کتێبی ژیان ، بە تەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی ، دەنووسێت : هەی بێاوبوونەوەی ئەم غەزەتەیە ئینگلیز دەیویست بە کورد بڵێت : ئەوە تازە بەشێك دەبن لە عیراق و دەبنە هاوڵاتی عیراقی.
گەرچی ئەو ڕۆژنامەیە هەندێ داهێنانی لە ئەلفبێی کوردی کرد ، بەوەی نیگاری بێ دەنگی کوردی کوردی پێشنیار کرد ، لەوانە :

- پیتی (ژ) لە ژیانەوە.
- پیتی (چ) لە چاپخانەوە، چاوپیکەوتن ، چاوبکەنەوە.
- پیتی (پ) لە پی و قدم ، پارچە پارچە..هتد (ناوخۆش 2019 ، ل30)
- ئەو خزمەتە زمانەوانییە هەر بێ خۆ لە چاوی خەڵك کردن بوو ، ئەگەرنا وتارەکانی هەر بێ ناشرینکردنی ئەزموونەکەی شێخ مەحموود بوو . ئەمین(2002،ل358-359)چەند وێنەیەك لە نووسینەکانی ژمارە:(سێ و پێنج وبیستویەك…هتد دەربارەی ناشیرینکردنی شێخ دەهێنێتەوە :
- اخو امجارەش لە پاش ئەمانەش چاو ناکینەوە؟
- مودەتیك بو شێخ مەحمود و جەردەکانی مەعییەتی لە تەعجیزاتی بەعزی فقیر و فوقەرا.

- حیشمەتئاب مەلیکە دروزنە.

ئەو قسانە نوێ بوون لە کۆمەڵگای کوردی ، بەوەی بیرکەی " ڕەخنەی شرۆڤەی ئاخاوتن" ئەوها بەر قەرار بکرێ ، بەرژەوەندی سیاسی وا بکات زمانیش بە سیاسی بکرێت ."

جەباری 1970 ، ل86 دەربارەی ئامانجی ڕۆژنامەکە دەنووسێت :" ڕۆژنامەی ژیانەوە بێ سود و تەلەکەبازی ئینگلیز لە لایەن چەند کەسێکی بەکرێگیراو ەوە سەرپەرشتی دەکراو وتاری تێدا دەنووسرا ." عبدالرەقیب یوسفی شوێنەوارناس پاش زیاتر لە سی ساڵ لە قسەکەی جەباری

لة ل36ی کتێبي(بةڵطةنامةکاني حکومةتي شێخ مةحمود) باس لةوة دةکات کة ثاش حکومةتةکاني شێخ مةحمود 1918 و 1922-1924 هةڵوةشانةوة زؤربةی منةوةری کوردي لة شێخ کةوتنة تةقة ، بؤ نموونة رؤذنامةی(ذیان)، کة شارةواني سلێمانيي سالَ و نیوێك زیاتر لةو سةردةمة بةدواوة و لة سایةی حوکمي ثاشایةتي عێراقدا دةریکردووة، بة ناهةق کةوتووةتة ناوزراندني شێخ و حکوومةتةکةی…"

جگە لە جەمیل صائیب ، نووسەرانی نەیاری شێخ لەو ڕۆژنامە کۆبوونەوە ، هەندێك بە نازناو هەندێکی تر بەناوی خۆیان شیعر و نووسینیان بڵاوکردەوە ، لەوانە ئەحمەد موختار بەگی جاف ، فائق بێکەس ، مەحمود جەودەت ، ئەحمەد تۆفیق…هتد (عومەر 2001 ، ل121_122)

هۆکارەکانی دروستبوونی عێراقچیەتی

هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە قسە لە سەر بیرکەی عێراقچیەتی کراوە ، هەر لە قۆناغێکدا هۆکارێك بە هۆکار زانراوە بێ ئەو بیرکە نەزکە :

هۆکاری ئابووری

ئابووری شادەماری ئیستقراری وڵاتە . لە وڵاتدا دوو چین هەن زۆر جێگای متمانەی سیاسی نین ، ئەوانیش چینی سەرەوە و وردە بۆرژوای سیاسین کۆمەڵگا . پیاو ماقوو و ئەشراف خاوەن پاڵپشتیەکی ئابوورین ، بەرژەوەندی خۆیان لە ئیستقراری سیاسی دەبیننەوە . هەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوانەی باوەیان بە عێراقچیەتی هەبوو ، ئەشراف و مەلاك و توجارەکان بوون . لە ئەنجامدا پاش لکاندنی کوردستان بە عێراق ئەشرافی بێ وەتەن ، عەوامی مەفتوونی وەتەن دروست بوو .

پاش شەشی هەشی ئەیلول ی بەر دەرگای سەرا چەندان شاعیری وەك پێرەمێرد و حەمدی و بێکەس ، گۆران …هتد بە شیعر وەجواب

هاتن ، بەڕام نایب و ئەشراف و مەلاکی کورد بەرەو بەغدا بەڕێکەوتن .
هۆکاری نەوت
زۆر قسە لە سەر ئەوە کراوە ، کە هەبوونی نەوت لە کەرکوك هۆکار بووە بۆ ئەوەی ئینگلیز کوردستان بە عێراق بکۆنێت .
هۆکاری مەزهەبی
سەبارەت بە عەرەبی عێراق ، زۆربە شیعە مەزهەبە ، جا بۆ ئەوەی ئینگلیزی پارسەنگی سوننە لە عێراق بپارێزێت ، کوردستانی بە عێراقەوە لکاند، کە زۆربە سوننە مەزهەبن .
ئەو سێ هۆکارە زۆر قسەی لە سەر کراوە بە جۆرێك کتێبکی مێژوویی کورد نییە ئاماژەی بەو هۆکارانە نەکرد بێت .
هۆکاری منەوەربوون ، هۆکارێکی کوردییە بۆ خۆ بە ستنەوە بە عێراق . ڕەفیق حیلمی لە بەشی یەکەمی یاداشت دەنووسێت : منەوەر لای عەوامی خەڵك بۆ دینەکان بوون . ئەشراف و نایبی کوردیش لای پیرەمێردی شاعیر " هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان " بوون .
فائق بێکەس دەربارەی منەوەر و ئەشرافی کوردی دەڵێت :
منەوەر زۆری هەر لەبەر نانی وەتەن ئەفرۆشێ بە یەك تارانی
ئەخاتە ژێر پێ دین و ئیمانی کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا
.....
ئەشرافمان هەموو بۆ ڕەح و سستن دەخیلە پشتیان هیچ پێ مەبەستن
هەموو ناکەك و پارە پەرستن...دیوانی بێکەس ، ل49
قۆبەسەریەکەی کورد لەوەدا بوو ، زۆربەی نووسەرەکانی مەست بوون ، نایبەکانیشی وەات فرۆش و پارەپەرست ...ئەو دوو دیاردەیە بە درێژی لە یاداشتی ڕەفیق حیلمی و بیرەوەریەکانی هاوار تۆمار کراون (، هاوار ، ل260 ، حەسەنپوور ، ل169).
ڕۆژنامەی ژیانەوە شتە نهێنیەکانی نایب و نووسەری وەات فرۆشی بۆ عەوام ئاشکرا کرد . زۆر بە ڕاشکاوی لە مەملکەتەکەی شێخ بانگەشەی عێراقچیەتی بە گوێی هەمووواندا .

جگە لە خودی ڕۆژنامەکە وئەو نووسەرانەی لە ڕۆژنامەی ژیانەوە لە شێخ مەحموود کەوتنە تەقە ، لێرەدا دەمانەوێ ئاماژە بە هەژموونی گوتاری ژیانەوە بکەین لە سەر چەند منەوەرێکی کورد لە دەرەوەی ژیانەوە .

یەکەم . تێفیق وەهبی

زمانزانەکی دەستە ئینگلیز بوو ، زۆر لە شێخ دوور نەبوو ، بەڵام ئایدیۆلۆژیاکەی دوور بوو لە شێخ نزیك بوو لە ئینگلیز ، بۆیە ئینگلیز کردیە موتەسەریفی سلێمانی هەروەها مەعاریفی عێراقی داوای لێکرد شتێك ئامادە بکات لە سەر ڕێزمان و دەستوری زمانی کوردی (حەسەنپوور 2015 ، ل162) ئینگلیز منەوەرێکی دەویست بۆ ئینگلیز کار بکات ، نەك بۆ دۆز و زمانی کوردی ، بۆیە وەك خۆی بۆ حەسەنپوور دەگێڕێتەوە :" پاش ئەوەی بەینمان لەگەڵ ساطع الحصری لە وەزارەتی مەعاریف تێکچوو ، مەلایەکی بە ناوی صدقی کابان بانگ کرد و دوو صەد ڕووپیەیان دایێ ، کابانیش شتێکی نووسی بەناوی موختەصەری صەرف و نەحوی کوردی ." موتەعەهیدی حکوومەتیان بە لا نا . لەوە زیاتر بە حوکمی ئەوەی تێفیق وەهبی وەك موتەسەریفێکی سلێمانی سکاڵا و عەریزەیەکی لە ڕۆژنامەی سڵێمانی بڵاوکردۆتەوە ، جگە لەوەی لە موتەصەریفی وەدەریان ناوە هەروەها مەجبور کرا لە سلێمانی نەمێنێ و لە بەغدا بژی هەروەها ماڵەکەی بپشکێنرێ و ڕاپێچی زیندان بکرێ (حەسەنپوور ، ل162_163)

دووەم . مستەفا پاشای یامولکی و ماجید مستەفا

ئەو دووە لە نزیکەکانی شێخ بوون . ئەوانیش هەرزوو لە شێخ هەگەڵانەوە و بوونە عێراقی . ئەمین 1999 ، لە ل16 ی کتێبی سەردەمی قەڵەم و موراجەعات دەنووسێت :" لە هەبژاردنی 1928 دا زۆر کەس خۆیان ناودێر کرد ، لەوانە مستەفا پاشای یامولکی کە لە کابینەکەی شێخ مەحموود دا وەزیری مەعاریف بوو هەروەها ماجید مستەفا کە تا ساڵی 1927 یەکێ لە هاوکارە نزیکەکانی بوو ."
مستەفا یامولکی تەنیا دوو مانگ پێش گەڵاندنەوەی شێخ لە هیند ، لە سەردەمی ئیدارەی مەجەر سۆن بە نهێنی لە بیستویەکی تەمووزی 1922 یەکەم کۆمەڵەی کوردی لە باشووری کوردستان دامەزراند. شەریف 2007 ، ل131 کۆدەنووسێت کۆمەڵەکەی یامولکی ناوی کۆمەڵەی کوردستان بوو ئامانجی سەرەکی بریتی بوو لە پاڵپشتیکردنی جولانەوەکەی شێخ مەحموود ، کەچی کە چووە بەغدا بووە عێراقچی خۆی ناودێر کرد ببێتە ئەندام لە پەرلەمانی عێراقی .

سێیەم

فائیق بێکەس ، زۆهەر هەتا پیرەمێرد

فائیق بێکەس ناسراو بوو بە ئەبو نەواسی کوردی و زۆهەر و پیرەمێرد ناسراو بوون بە دینداری دووڕە سیاسەت . پرسی عێراقچیەتی بووە مەسەلەیەکی حەتمی چونکە پاش خۆبەدەستەوەدانی شێخ لە 13ی مایسی 1931 دا لە پێنجوین تەماری خەباتی سیاسی [illegible]

قۆناغهدا پێچرایهوه و بانگی سهربهخۆیی كوردستان و داوای
دامهزراندنی حكومهتی سهربهخۆی كوردی ، به یهكجاری خنكا *(ئهمین*
1999 ، ل 150) سهیركهن زێوهر ههتا *1924* یش دهیوت *:* وا عهرزت
ئهكهم به شیرینی خورمای خۆت بۆخۆت مێووژم بۆ خۆم لهكوم دینوكم و
لییه دینی ئهو خود جیاكردنهوه له عهرهب پاش شكانی شێخ و
دهركهوتنی ژیانهوه و ژیان ههروهها عێراقچیهتی ، زێوهر له
شیعرێكدا كوردستان دهكاته ” شمال”ی عێراق *:* ئهی عێراق ئهی عێراقم
ئهی نووری چاوان چهند جوانی له ئهرزدا بوویته گوڵشهنمان له
“شیمال ” و له جنووبا مهنزهری فهتتان دانیشتوانت وهك برا من وهك
برای هاوجان وهك شێركۆ بێكهس له بیرهوهریهكانیدا دهگێڕێتهوه
بێكهسی باوكی ههڵگیرسێنهری شۆڕشی بهر دهركی سهرا بووه ههتا
برینداریش بووه ، بهڵام عێراقچیهتی ئهویش دهگرێتهوه ، له دوا
ساڵی تهمهنی ، *1948* ، شیعری داری ئازادی دهنووسێ و له دوا دێردا
دهڵێت *:* دۆستیی كورد و عهرهب زۆر كۆنه تهئریخ شاهیده ناحهزی
ڕووڕهش له داخا با یهخهی خۆی دادڕێ ...دیوانی بێكهس ، ل *98-99*
دهرهبهگی كوردی ههرهسی هێنا ، ناێب و ئهشرافی كوردی بهغدایان
لێبووه قیبله ، ناوهندی ژیانهوه ژیان بوونه مه‌دره‌سه‌ی به عێراقیبوون ، به جۆرێك عێراقچییه‌تی بووه پلاتفۆرمی كۆمه‌ڵه‌ی سیاسی كورد وه‌ك كۆمه‌ڵه‌ی ماركسسی –لینینی ، ئاڵای شۆڕش هه‌ر كاری له سه‌ر عێراقچییه‌تی ده‌كرد .

ئه‌نجام

ڕۆژنامه‌ی ژیانه‌وه سه‌ره‌تای ده‌ركه‌وتنی عێراقچییه‌تی و نه‌فرین كردن بوو له سه‌ربه‌خۆیی . ڕقبوون له ده‌ره‌به‌گ و شێخ و مه‌لا چاوی هه‌ندێك له منه‌وه‌ری كوردی كوێر كرد و ده‌ستیان دایه ” خه‌باتی ” قه‌ڵه‌م بۆ لكاندنی كوردستان … ئه‌و لكاندن و عێراقچییه‌ته ماڵوێرانی كوردی لێكه‌وته‌وه و خه‌ونی خانی و زه‌مه‌نی شێخی له گێرنا.

ژێده‌ر

ئه‌مین ، نه‌وشێروان 1999 سه‌رده‌می قه‌ڵه‌م و موراجعات 1928_1931. سلێمانی : سه‌رده‌م .
ئه‌مین ، نه‌وشێروان 2002 ژیان . سلێمانی : سه‌رده‌م.
به‌كر ، سه‌لام ناوخۆش 2015 مێژووه‌ك له په‌رته‌وازه‌یی . هه‌ولێر : هیڤی .
به‌كر ، سه‌لام ناوخۆش 2019 كاریگه‌ری قورئان له سه‌ر زمان و ئه‌ده‌بی كوردی . توركیا : له بڵاوكراوه‌كانی ده‌زگای ته‌فسیر.
جه‌باری ، عبدالجبار 1970 مێژووی ڕۆژنامه‌گه‌ری كوردی . كه‌ركوك : چ

.شارەوانی کەرکوك.
حەسەنپوور ، ئەمیر 2015 سەدەیەك خەبات لە پەناوی زمانی کوردیدا .
سلێمانی : لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین .
خەزنەدار ، ج وە زەنگەنە ، ع 2011 ئینسایکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی . هەولێر : لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ڕۆژنامەنووس.
شریف ، عبدالستار طاهر 2007 الجمعیات و المن و الاحزاب الکوردیه فی نصف القرن ، ط2 . السلیمانیة :؟
عومەر ، فاروق علی 2001 ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عێراقدا ، و.تاریق کارێزی . هەولێر : لە بڵاوکراوەکانی موکریانی.
دیوانی بێکەس ، کۆکردنەوەی ئومێد ئاشنا . سننە : انتشاراتی کوردستان.

_____

• ژمارە یەکەمینی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)لە هەژدەی ئابی 1924 لە سلێمانی دەرچووە ، بەم ناوە تا 56 ژمارە بەردەوام بوو کە دەکاتە 14 \ 1 \ 1926 هەر هەفتەیەك دوای ئەو مژووە ڕۆژنامەکە ناوی بووە (ژیان) هەتا 1\3 \ 1938 ، بەم ناوە (553) ژمارە ی لێ دەرچوو (بڕوانە عومەر 2001 ، ل121-127) هەروەها ئەمین (2002 ، ل321).

شیعر – دوایەمین پەیقی مانگ – موکەڕەم هەشید تاڵەبانی

دوایەمین پەیقی مانگ

- موکەڕەم هەشید تاڵەَبانی
- بابەت: شیعر بە)کوردی عەرەبی(–
- تیراژ:) 055 (دانە
- نرخ:) 0555 (دینار
- چاپخانەی شەهاب هەولێر –

9506 هەولێر هەرێمی کوردستان. – / * ژمارەی سپاردن 956

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن .....

پیاوانی خودا … ئارام جەلال

مژووی ئەم رۆژهەڵاتە
شەڕا لە خوێنی من
لە دڕگای کامە سەدەو بیتە ژوورەوە
خوێنی من لە دڕوازەکانیدا دەبینیت
لەوتەی ئیسلام هەیە
بە شمشێری ئەبا عوبەیدەو سەعد
سەری من دەپەڕێنرێت
ئیسلام ئایینی هەموتانە من نەبێت
ئەی نابینی سوڵتان سەلیم
وا دیسانەوە لە رۆژئاوای وەاتەوە
بە هەمان شمشێری خەلیفە
کەوتتەوە دەستبەینم
ئەوتا قەعقاع
لە حیجازەوە گەیشتتەوە نەینەوا
قەعقاع خەیتی
بە هەمان ئاڵای مژووەوە
بە هەمان ریش و
بە هەمان نەشیدەوە
دیسان سەر دەپەڕێنێت
بەڵام ئەمجار سەر هەر سەرە
چ پیاو بێ
چ ژن
چ منا
کوبانی
تە برینەکی قەتماغە بەستووی دەرزەمانی
تە هەمان لاشەی کوژراوی میتانی
کە ئێستا خوێنی گەرم و تازەت لەدەچێت
دەورت گیراوە بە ئاڵای ڕەش
ئەو هەزە

هەمان هەزی ئەبا عوبەیدی جەراح و
ژانە شمشێری زیاتری لە خەلیفە دەوێت
کوبانی
ئاخر مژوو دەبێت چەند جار تە بنوسێتەوە چەند جار؟
چەند جار و هەمووی وەک یەک
هەمووی هاوشێوە
ئەبا عوبەیدە، هەر هەمان ئەبا ئەبا عوبەیدەیە
ئەو دەنگەی کە لەدەورت دێت
هەمان دەنگ و هەمان زمان و
هەمان رستەی سووری مژووە
{إن الله اشترى من المؤمنين أنفسهم وأموالهم بأن لهم الجنة يقاتلون في سبيل الله فيقتلون ويقتلون}
بەنی اللە یە و
لەوێتەی کورد هەیە
جەهەننەمی بە داخراوە لە پەناو بەهەشتی خەلیفەدا
کوبانی
ئەوەی لەتەدا گەیشتوە تەنها ژنەکانتە
ژنەکانت چیدی کەنیزەکی خەلیفەنین
چیدی غەنیمەی دەستکەوتوی
موجاهیدەکی برسی نین
ژنەکانت، قارەمانە ژنی مژوون
ئەوەی لە ژنەکانتا خەلیفە دەستی دەکەوێت
لاشەیەکی خوێناوی ساردوبووی کوژراوە
ئەوەی دەستیان دەکەوێت سەرەکی بەدراوە
ژنەکانت
ئەو ژنە بەشەرەفە یەنانیانەی مژوونین
کە لەتاو سوپای خەلیفە
لە دەستی چەکداری برسی عوسمانی
لە شاخە بەرزەکانی کرێتاوە
خەیان هەڕەنە خواروە…
ژنەکانت لە سەنگەرا
دەست بە تفانگ لەناو شەڕا
تا دوا هەناسە
گوللە دەنێن بە دەی چەکدارانی خواوە
کوبانی
ئەی شارە تەنیاکەم
دەبینیت چۆن بە بەرچاوی دونیاوە دەتکوژن

مافی مرۆڤ و ناتۆ و
هەموو هەموو دونیا
بە چەپکە گوڵەوە وەستاون و
چاوەڕوانی مەرگی تۆدەکەن
دەبینیت دونیا چەند بە ڕووشتە چەند
ئاخر تۆ کێت هەیە
ئەی شاری بە کەس
تۆ خواشت نییە خوا، پەنای بە بەریت
کە دەی دەت لەبەر تۆ
سوڵتان سەلیم لەخەی بەرنجنەت کە؟
قەت دەکەن و هەموو دونیا بەدەنگە
قەت دەکەن و ئەو شمشێرەی لەسەر گەردنتە
شمشێری نیوەی دونیایە و
شمشێری دەیا وەاتە بە دەست سەعدەوە
ئەوە شوێن خەنجەری
خواو خەلیفەیە بە لەشتەوە…

بە گەر لەگەڵت نەبەم.. بە دژ و دومنـــم دەزانیـــت..؟! … ڕەزا شـوان

هـــەر مـرۆڤـــێک کە لەدایـــک دەبـــێت، بە ڕەمـــەکی و زگمـاکی بە کـەمـەڵـێک خـسـڵـەت و جیـاوازی تایبەتییەوە لە دایک دەبێت، کە هەندە لەم خەسڵەتانە بەماوەیین. جیوازی
لە جەستە و ڕووخساردا، لە ڕەنگ و دەنگدا، لە هەش و بیـر و زەیـن و زیـرەکـیدا.
جیـاوازی و هـــەمەڕەنگی، مایـــەی خـــەر و خـشـی و خـۆشـویستییە، هـەیـکی داهـێنان و گـۆشکردن و پـشکـوتنە. نـەک مایەی ناخـۆشی و شـڵـە یـکترقبووڵنەکردن و دواکـوتن.
کـواتە جیاوازی لە نـاوان مرۆقدا دیاردەیـکی سروشتییە، جیاوازی لە بیـرۆڕا و بـاوەڕ و بـۆچوونـدا. جیـاوازی و فـــرە ڕا و بیـــرکـ و

بەچوون، پاڵنەر و هاندەری مرۆڤن بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکان.
هەریەکە لە ئێمە، بیر و بیرکەوە و هۆش و را و بۆچوون و روانینی خۆمان هەیە. هەرچەند رێکیش بکەوین، بەڵام گرانە کە بتوانین هۆش و بیرمان یەکبخەین.
گەر یەکێک بە پێچەوانەی راو و بیرکە و بۆچوونەکانی من بێت.. ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو کەسە رقی لێمە و دژایەتیم دەکات و ئیرەییم پێدەبات. یان بە پێچەوانەوە. لەوانەیە ئەو کەسە دڕگایەک یا زیاترم لەبکاتەوە، کە بە بیر و بە خەیاڵی منداڵ نەهاتوون و پێیم پێ نەبردوون.. بیر و بۆچوونەکانی زیاتر سوودم پێببەخشن.
وەکوو چۆن پەنجەکانی دەستمان وەکوو یەکنین، مرۆڤکانیش لە بیر و بۆچوون و ڕەشنبیری و ڕەوشت و ڕەفتار و ئاستی ئەدەبی و زانست و زانیاری وەکوو یەکنین.
تەنانەت لە نێوان ڕەشنبیرەکانیشدا جیاوازی هەیە.. هەمان را و بۆچوونیان نییە.
پێویستە دان بەم راستییەشدا بنێین، کە کەسمان لە سکی دایکماندا فێرنەبووینە.
پێویستییەکانی ژیان ناچارمان دەکەن، کە لەگەڵ هەموو جۆرە کەسێتییەکدا، بە شێوازێکی دروست و دیپلۆماسیانەی سەرکەوتوو، ڕەفتاربکەین و بگونجێین. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە لە گەڵیاندا ڕکبکەوین و هاوارابین لەگەڵیاندا. هەندە جار هاوارەدبین و ڕکەدکەوین.. هەندە جاریش ڕکناکەوین و هاوارابین و را و بۆچوونەکانمان لەیەکەوە دوورن و دوو ئاراستەی جیاوازمان دەبێت.. بەڵام ئەوەی پێویستە کە هەردوو لامان پەبەندی بین، ڕەزگرتن لە را و لە بۆچوونەکانی یەکتری و لە قبووڵکردنی یەکتری و باوەڕبوون و دانان بە رای جیاوازدا.. کە ناڵێت کە را و بۆچوونەکانی من راست و دروستن و ئەوانەی ئەوە هەڵەن.. یا بە پێچەوانەوە، دەشێ من هەڵەبم و را و بۆچوونەکانی ئەوە راستبن و باوەڕیان پێبکەم و هەڵکانم راست بکەمەوە.. پێویستیشە بە ڕوویەکی گەش و خۆشەوە، بە هەمنی و شەنەیی دیالۆگ و گفتوگۆبکەین و بە شێوازێکی ئەدەبی ڕەخنەبگرین و بە زمانی گوێ را و جیاوازییەکانمان دەربخەین.
خۆ ئەگەر هاوار و هاوبۆچوونیش نەبین و ڕەنگەوتین و نەگەیشتین بە ئەنجامێک، پێویستە بە ڕووحێکی وەرزشییەوە دەست بخەینە ناودەست و ڕەز لە را و بۆچوونە جیاوازەکانمان بگرین و یەکتری قبووڵ بکەین.. پێویستە ئەم چەمک و لەژیکە بە کرداری جێبەجی بکەین..

ژیان زۆر لەو گەورەتر، کە بە قین و مشتومە و شەر و ناخۆشی و ناتەبایی و دژکاندن و هەستبریندارکردن و لەکدابڕان و توانج و پلاری ناشیرین بەسەربڕین.. پێویستە هەردەم بە دوای ئەو لێژیکەدا بگەڕێین کە کەمان دەکاتەوە.. نەک ئەوەی کە لەکمان دەکات.

(گاندی) دەڵێت:"جیاوازی لە بیروڕادا، نابێت دوژمنایەتی لەبکەوێتەوە.. گەر وابوایە من و ژنەکەم دەبوویەن بە سەرسەختترین دوژمنی یەکتری"
من ئازادم.. موک و کۆیلەی کەس نیم.. ملکەچی هیچ ئایدۆلۆژیایەکی حیزبی نیم، تا ناچاری بیر و باوەڕ و پڕۆگرامێکی سنووردارم.. مافی خۆم کە بە ئەوپەڕی ئازادی و ڕاشکاویەوە گوزارشت لە ڕا و لە بیرکەو لە بچووکانی ناخم بکەم.. بەیاری پێویست و دروست بدەم.. هەرکەسەکیش بیروڕای بچووکانی خۆی بەسەرما بسەپێنێت ڕێتی دەکەمەوە.. بەڵام لە هەمان کاتیشدا سنووری ئازادی کەسیش نابەزێنم.. ڕا و بیرکەو و بچووکانی خۆشم بەسەر کەسدا ناسەپێنم. ڕێز لە ڕای جیاواز و لە ڕۆخنەی بەجێ دەگرم.. سوودیش لە هەر ڕا و بیرکەو و بچووکێکی جیاوازی کەسانی تر وەردەگرم.. بە ڕەشیش ناڵێم سپیە و بە تاڵیش ناڵێم شیرینە.
بیر و باوەڕ و بیرکەو و بچووکیش دەقی نگەڵ و پیرەزنین، تا شایەنی گەڵان و دەستکاری و ڕۆخنە نەبن.. ڕاستیەکی هاشاهەنگرە کە مرۆڤ لە هەموو شتێکدا کامەڵ و پڕەفێکت نییە.. دیارە کە هەموومان کەموکوڕیمان هەیە و هەڵەش دەکەین. بە بە گشتیکردن و خووپێوەگرتن بە پڕانسیپی یەکتری قبووڵکردن و ڕێزگرتن لە ڕا و بیرکەو و بچووکی جیاواز، پیویستیمان بە فێربوون و خوێندنی ئەدەبی جیاواز هەیە.. پێویستە ئەم بابەتە بخرێتە پڕۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی و زانکۆکانەوە.. منداڵەکانمان، گەنجە کوڕ و کچەکانمان، بە شێوەیەکی پڕوردەیی و کرداری لەسەر ئەم پڕانسیپە گرنگە ڕابهێنین.. تا ببێت بە خوویەکی پەسەند و جوانیان.. چونکە دەقگرتن بەم پڕانسیپەوە، ڕێنگدانەوەیەکی ئەرێنیی دەروونی و ڕەفتاریی لە ژیانی تاکەکانی ئەمەش و داهاتوودا دەبێت. کەمێگایەکی تێبا
و بەختەوەر، بۆی پڕوردەکردنەکی دروست و ئاراستەکردنەکی ڕاستی تاکەکانیەتی. کە یەکتری قبووڵدەکەن و بەوایان بە فرە ڕا و

بـەچـوونی جیـاواز هـەیە.
بە داخـەوە، لە ئەمـڕدا کەسـانێک بە هەر ڕەگـەزێکەوە بـێت، دەیانـەوێت خەیان بسـەپـێنن و ڕا و بیـرکە و باوەڕ و بـەچوونـەکانی خـەیـان بەسـەر کاسانی تـردا بسـەپـێنن.. کـەچی گوێ بـە ڕا و بـەچـوون و ڕەخنـەکـانی کەسانی ترن ناگـرن و ڕەتیان دەکـەنـەوە.. ئەمـانە لەگەڵ ئەو لەژیکـەدان:"یـا لەگەڵـم بە.. یـان دژم بە" بەگومـان ئەمە چەمـک و لەژیکـێکی هەڵـەیە و زیـانـەکی زۆری لـێدەکەوێتەوە. چـونکە تووشبـووانی ئەم نەخـۆشییە کوشنـدەیە، لە خـەیالی و تونـدڕەو و دەمارگـیر و کەلـەڕەق و خـۆپەرسـتن و کەس نەویستن، تەنها و تەنها ڕا و باوەڕ و بـەچوونـەکانی خەیان بە ڕاست دەزانن، بەڕەگەی دیالـەگ و گفتوگۆ و ڕەخـنە ناگرن.. ڕا و بیـرکە و بـەچـوونە جیاوازەکانی کەسانی تر قـبووڵناکەن، گـەر بشزانن هەڵە و ناڕاستیشن، هەر سووڕن لەسەر هەڵەکانیان. وەکوو ئەم چیرکە وایە:
"دوو کەس بە ڕەگـایەکـدا دەڕۆن.. لە دوورەوە شـتـێکی ڕەشـیان بینی.. کەسی یەکەم دەڵێت: ئەوە قەڵـەڕەشـە.. کەسی دووەم دەڵێت: نەخـێر ئەوە بزنـکـی ڕەشە.. کە لە شتە ڕەشـکە نـزیک دەبنـەوە.. قەڵـەڕەش بـووە.. بە بەرچـاویانەوە هەڵـەفـێی.. یەکـەم وتی: نەموت قەڵـەڕەشـە.. دووەم وتی: بشفـەڵـێت هـەر بـزنـە.."
بەڵێی ئەمە کەڵـەڕەقی و سـووڕبوونـکی کۆڕانـیە، لەسـەر ڕایـەکی ناڕاست و هـەڵە. ئەم کەسانە هـەندە لەخـۆبایی و کەلـەڕەقن. ڕەنگە ئەفلاتـوون و سوکراتیش بە شاگردی
خـەیـان نەزانـن.. گـەر کەسـانـکی تـر بە ڕایـەکی جـیاواز و بە بەڵگەشـەوە ڕاستیـەکانیان بە بسـەلمـێنن، ئـەوان ڕەتی دەکـەنـەوە و هەر بـەواکـان و بـەیارەکـانی خـەیـان بە ڕاسـت دەزانن.. بەڵکوو ئەو ڕا جیـاواز و ڕەخنـەگـرانە دەخـڵـە لیسـتی ناحـەزەکانیـان و بە دەیـان وشـەی ناشایستە دەخـڵـە پاڵیان، وەکوو: ڕقـیان لەمانە، دژمـانن، ئیـرەییمـان پـێدەبـەن، هیچ لەبارن، نەخوێندەوارن، تەناگـەن، هیچـۆپـووچن، چـەنەبـازن، خەڵەڕخـەڕن...هـتد.

بە برایانی بەڕێـزمان، بە ڕقـیان لەتـانە و بە دژ و دوژمنیان دەزانـن؟هـەر لەبەر ئەوەی کە ئەوان هاوڕا و هاوبـەچـوونتان نین و بیـر و ڕاو و بـەچـوونی جیـاوازی تریـان هـەیە؟ بە ئـەو وشـە ناشیرینانە دەدەنە پاڵـیان؟ بە هەمیشە خەتـان بە تـەواو و ڕاست و زانـا دەزانـن و ئەوان و کەسـانـکی تـر بە نەزان و ناتـەواو و ناڕاست دەزانـن.. بە بە چاوێکی کەمتر لە کەسانی تر دەڕوانن..؟!
شاعـیری سودانی محەمـەد میفتاح فەیتووری دەڵێت:

ئەی بـــرام، رووی خـــۆتـــم لـــێـــوەرمـــگـــێـــ
نـە مـن خـــۆشـــوزم و نـە تـــوش زۆـــــــــــیـت
هـەر یـــەک مانـــــگـێ لـەســـــــــەر ئـــــەمـێ و
لـەسـەر کـونـــــج و دەواریـــــش هـــێـــــــدەت
بـە تووشبووانی ئـەم پـەتـایـە دەبـین.. تا زووە چـارەسـەری خـەتـان بکەن و بـە خـەتـاندا بـچـنـەوە. ئـەگـینا ئـەم نـەخـۆشـیـیـە تـووشـی گـەلـێ نـەخـۆشـیی تـرتـان دەکـات وەکـوو:
نـەرگزی، لـەخـۆبایی، رەشبینی، لـە هـەمووی کوشندەتر تووشی ئـەنفلـەنزای خـەبـزل زان دەبـن.. ئـەم نـەخـۆشـیـش کوشـنـدەیـێ و سـەرتـان دەخـوات.
ئـەم پـەتـایـە تووشی گـەلـێ لـە دەسـەتـداران و سـەرکردەکانیش بووە.. یـەکـێک لـەوانـش ئـەردەگـانی سـەرۆک کـۆمـاری تورکیـای زیندانستانە.
هـەر وەکـوو، نووسـەر و شـرۆڤـەکـاری سیاسـی تـورکی (یـاقوز ئاجـار) دەڵـێـت:" ئـەردەگـان کار بـەم قسـەیـە دەکـات.. یـا لـەگـەڵـم بـە.. یـا دژم بـە.. گـەر دژمیت.. تـێ شایـەنی ژیان نیت"
بـەڵـێ لـە سایـەی ئـەم سیاسـەتـێ نـالـەژیکـیـیـەی ئـەردەگـان، تورکیا بـووە بـە زیـنـدانسـتان.
رۆژنـامـەی تورکیـا هـەمـوو میدیاکـان و هـەکـانی راگـەیـانـدنـەکـانی قورخکـردوون. میـدیـا و راگـەیـانـدنی ئـۆپـۆزسیـۆن لـە تورکیـادا قـەدەغـەن و بـوونیـان نیـیـە.. ئـەوانـەی کـە وتیـان ئـەردەگـان پـێت خـوار دانـاوە. لـە بـەنـدیخانـەدا خـەیـان بینیـەوە و قـورسترین سـزادراون.
شـان تـەکـنـەکـان و تـەشـیـەسـەکـان و بـەرمـاوەخـەرەکـانی دیکتاتـەری فسفس پـاڵـەوانی گـەڵـبـەگـەڵـیـش سـەدام حوسـەن، دەیـانووت:" گـەر سـەدام وتـووبـێتی.. واتـە عـەراق وتـوویـێتی" وەکوو ئـەوەی کـە قسـەکانی سـەدام دەقـەکی یاسایی پیرۆزبێت. کـەس بـەی نـەبـوو سـەرپـێچی بکات.. پـەستی چـەندین کـەسـیان گـیـانـدە دەبخانـە، لـەسـەر ئـەوەی وتیان وا نیـیـە و فـەرمـوودەکـەی سـەرۆک هـەڵـەیـە.
بـە داخـەوە، کـە تا ئـەمـڕۆش رەخـنـە لـەلای ئـەمـە لـەژیـر تیغ دایـە.. رەخـنـە و سـەرنج و بـۆچوونـەکـانیش بـە هـەڵـەسـەنگاندنی و شـرۆڤـەکـردن و شیکـردنـەوەی هـەر بابـەتـێک،
رەخـنـەی بابـەتـیانـە نین و بـە پـێی پـەوەرەکـان و بـنـەماکـانی رەخـنـە نین. هـەشتا رەخـنـە لای ئـەمـە نـبـووە بـە ئـەکادیمی و پسـپـۆری و پـیـشـەیی.. ئـەمـە بابـەتـێکی تـرە.
گـەر رەخـنـەگـەر را و بیر و بـۆچوونـێکی جیاوازی هـەبـێت و لایـەنـە نـەرێنی و لاوازەکـانی هـەر بابـەتـێک یا هـەرکـەس و لایـەنـێک دیاری بکات. گـەر بـە بـەڵـگـەشـەوە بـیـان سـەلـمـێنـێت، خـاوەن بابـەتـەکـە یـا ئـەو کـەس و لایـەنـە، دەیخـەنـە لیستی رەشـەوە و لـە نـەو کـوانـەی دژ و

ناحەزەکانی خۆیان دایدەنێن.. بەوەش تاوانباری دەکەن کە رقی لێیانە بۆیە ڕەخنەی لێگرتوون. ئەمان دڵیانەوەت بە شان و باڵیاندا هەڵبدات، نەشەت بۆری چاوتان کڵی پۆڵیە.. ستایشی خۆیان و بابەتەکانیان بکات و (سەد لە سەد) یان بۆ دابنێنت. لە ڕاستیدا، ڕەخنەی بەجێ، نەک ڕەخنەی ڕووخێنەر، هەڵی ڕاستکردنەوەی هەڵە و خاڵە لاوازەکانە.. ئامادەنیشە بە لایەنە جوان و ئەرێنییەکان، کە دەبەستە هاندەر بە باشتربوون و بە پێشکەوتن و بە داهێنان.. نووسەر و ڕەشنبیری ڕاستی دان بە هەڵەکانیدا دەنێت و سوود لە ڕای جیاواز و بۆچوونەکانی ڕەخنەگر وەردەگرێت.
بەڵام ئەوانەی کە هەموو ڕا و بۆچوونێکی جیاواز ڕەتدەکەنەوە و دان بە هەڵەکانیاندا نانێن و بە هیچ کلۆجێک نووسینەکانیان بە شایەنی ڕەخنەلێگرتن نازانن، سوورن لەسەر بیروڕای خۆیان، مەبەستیشمان بیروڕا و بۆچوونە هەڵەکانیانن. ئەم کەسانە بە (دوگماتیکی: وشەیکی یۆنانییە) ناودەبرێن. بە واتا هەش مەیبو، یا ئەقڵیەتێکی ڕەقی وەک بەرد.. کە نەرم بوونی نییە.. (کەسێتی دوگماتی) نکوڵی لە ڕاستیەکان دەکات. خەڵی بە ڕاستترین و زاناترین و هەشمەندترین کەس دەزانێت.. بەو نالەژیکەش کاردەکات:"یا لەگەڵ بە.. یا دژم بە" تەنات بوار بە میانەویش نادات.
لە کەتاییدا، دەموەت ئەوە بڵێم، کە لەم نووسینەمدا، مەبەستم لە کەسان و لایەنێکی دیاریکراو نییە.. پێویستە دانیش بەم ڕاستییەدا بنێین، کە هەموومان هەڵەدەکەین. گرنگ ئەوەیە هەست بە هەڵەکانمان بکەین.. سوورنەبین لەسەر هەڵەکانمان.. هەوڵی ڕاستکردنەوەیان بدەین و دووبارەیان نەکەینەوە.. لەژیکی" یا لەگەڵم بە.. یا دژم بە" ڕەتبکەینەوە.. وا نەزانین ئەوانەی هاوڕا و هاوبۆچوونمان نین.. دژ و دومنمانن.
ئەوەش بزانین کە تونددەوی و دەمارگیری و کەلەقی، هاوسەنگی مرۆڤ تێکدەدەن.
هاوڕێ و خۆشەویست و دەستانمان لە دوور دەخەنەوە، ئەم خەساتانە ناپەسەندن و ناشیرینمان دەکەن و پایە و ڕەزی کەسایەتیمان دەننەخوارەوە. با بە سینگێکی فراوان و بە دڵێکی پاک و گەورەوە ڕەخنە بگرین و وەربگرین، دوور لە توانج و هەست بریندارکردنی یەکتری. با ڕەزڵە ڕا و لە بیر و بیرکە و لە بۆچوونە جیاوازەکانی یەکتری و کەسانی تر بگرین. با یەکتری قبوول بکەین و ڕەز بە یەکتری دابنێین.. با هاوڕێتی و دەستایەتی و پێوەندییەکانی نێوانمان بە خۆشەویستی و دەسزی

ئاوبدەین و شیرینتریان بکەین.. با لە زمانی زبر دووربکەوینەوە و هەمیشە بە زمانی گوە بدوین.. هەموو ئەمانە نهەنی و کلیلی هاوسەنگی و سەرکەوتنمان لە ژیانماندا.
رەزا شوان
نەرویج: ١١/٨/٢٠١٩)

ناوی کورتە فیلمە چیرۆکییەکانی فیستیڤاڵی فیلمی منداڵانی ئیسفەهان راگەیەندرا

مەنووچەهر جیهانی ـ ناوەکانی کورتە فیلمە چیرۆکییەکانی وەرگیراو لە بەشی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی سیوددوو هەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مەرمنداڵانی ئێران راگەیەندرا.
بە پێی راپۆرتی لێژنەی پەیوەندییەکان و راگەیاندنی سیوددوو هەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مەرمنداڵانی ئێران، ناوەکانی کورتە فیلمە چیرۆکییەکانی وەرگیراو لە بەشی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی سیوددوو هەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مەرمنداڵانی ئێران راگەیەندرا.
دەستەی هەڵبژاردنی بەشی نەتەوەیی سیوددوو هەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مەرمنداڵانی ئێران، پێکهاتوو لە "جەواد حاتەمی" ، "حوسێن شێخولئیسلامی" ، "نادرە تورکەمانی" ، "سوهەیل موەفەق" و "حامید جەعفەری"، بە رەژەی 10 کورتە فیلمی چیرۆکییان هەڵبژارد کە ناوەکانی ئەوانە بەم پێیەی خوارەوەیە:

کورتە فیلمە چیرۆکییەکانی بەشی نەتەوەیی:
1 ـ "کۆی دەریا" لە دەرهێنان و بەرهەمهێنانی "عەباس جەلالی یەکتا" بەرهەمی ناوەندی پەرەپێدانی سینەمای بەگەیی و ئەزموونی.
2 ـ "سورخابی" لە دەرهێنانی "مورتەزا ئاسمانی" و لە بەرهەمهێنانی "مەجید عەباسی".
3 ـ "هەووچە وەحشییەکان" لە دەرهێنان و بەرهەمهێنانی "فەرید

هاشمزادە" بەرهەمهێنراو لە رایەڵەی کەناڵی پارێزگای فارس.
4 ـ "زەنگی کۆتایی" لە دەرهێنان و بەرهەمهێنانی "حەیدەرعەلی رەحمانی قەهدریجانی" بەرهەمی ئەنجومەنی سینەمای لاوانی ئێران نووسینگەی نەجەفئاباد.
5 ـ "سیفر کەلوین" لە دەرهێنانی "سوبحان واقعی" و "عەلی فەیزیپوور" و لە بەرهەمهێنانی "مەهدی سالم" بەرهەمی رایەڵەی کەناڵی ئومەد.
6 ـ "بۆز کردن" لە دەرهێنانی "میلاد محەمەدی" و لە بەرهەمهێنانی "حوسێن دارابی" بەرهەمی گروپی هونەریی کات.
7 ـ "چیرۆکی داهاتوو" لە دەرهێنانی "مەیسەم مەلکی پوور" و لە بەرهەمهێنانی "محەمەدحوسێن بزورگنیراد" بەرهەمهێنراو لە دامەزراوەی سینەمایی عەمار.
8 ـ "بۆ سیم" لە دەرهێنانی "محەمەدحوسێن ئەمانی" و لە بەرهەمهێنانی "حوسێن دارابی" بەرهەمی ناجی هونەر و باشگای فیلمی سووڕە.
9 ـ "بۆ ئەمیر" لە دەرهێنانی "جەواد حوکمی" و لە بەرهەمهێنانی "محەمەدەزا خیرەدمەندان".
10 ـ "هاوکلاسی" لە دەرهێنانی "موجتەبا حەیدەری" و لە بەرهەمهێنانی "حوسێن دارابی" بەرهەمی گروپی هونەریی کات.

هەروەها دەستەی هەڵبژاردنی بەشی نێونەتەوەیی ئەم فیستیڤاڵە پێکهاتوو لە "جەماڵ ئومید"، "محەمەد حەمیدی موقەدەم"، دوکتۆر "رائید فەریدزادە"، "فەرزاد ئەژدەری" و "حامید سولەیمانزادە"، بە ڕۆژەی 9 بەرهەمی کورتەفیلمی چیرۆکییان لە بەشی نێونەتەوەییدا هەڵبژاردووە کە ناوەکانی ئەوانەش بەم پێیەی خوارەوەیە:

کورتە فیلمە چیرۆکییەکانی بەشی نێونەتەوەیی:
1 ـ "زەلکاو" Bog Hole لە دەرهێنانی "تارفین ئایرسن" لە وڵاتی نەرویژ.
2 ـ "چەرخ چەرخ" Cycle-Cycle لە دەرهێنانی "یونیچی کانایی" لە وڵاتی ژاپۆن.
3 ـ "ئەوینی سینەما" In Love With Cinema لە دەرهێنانی "عسگەر نێراکان" لە وڵاتی قەرقیزستان.
4 ـ "نۆ هەنگاو" Nine Steps لە دەرهێنانی "موسەس ڕەمرا" لە ئیسپانیا.
5 ـ "لێرەی" You’re Here لە دەرهێنانی "میخائیل پیلیسکۆ" لە وڵاتی ڕووسیا.

6 ـ "تەپوتۆز" The Dust لە دەرهێنانی "دیل ریدیز" لە کەماری لێتەنی.
7 ـ "رۆناڵدۆ" Ronaldo لە دەرهێنانی "ریسیپ بزگۆز" لە وڵاتی تورکیا.
8 ـ "کەوشی بزماری" Cleats لە دەرهێنانی "عەبدوڵا شاهین" لە وڵاتی تورکیا.
9 ـ "مایا" Maja لە دەرهێنانی "ماریانا یانکۆویچ" لە وڵاتی دانیمارک.

سیودووهەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مەرمنداڵانی ئێران ICFF بە بەرپرسیاریی "عەلیرەزا تابش" لە بەشەکانی فیلمی درێژی چیرۆکی، کورتە فیلمەکانی چیرۆکی، وێب سێری، فیلمەکانی ئەنیمەیشێنی درێژ و کورتە فیلمەکانی ئەنیمەیشێن لە رۆژانی 28ی گەلاوێژ تا 4ی خەرمانانی 1398ی هەتاوی رێکەوتی 19 تا 26ی ئۆگستی 2019ی زایینی لە دوو بەشی "نەتەوەیی" و "نێونەتەوەیی"دا لە شاری مێژوویی ئیسفەهان لە وڵاتی ئێران بەڕێوەدەچێت.

بۆچی وەداد حسین تان تیرۆرکرد ؟ … شوانە حەسەن ئەبوبەکر

دوای ئەو زنجیرە تیرۆرەی لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادیخوازان دەکرێتەوە لایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری یەکیەتی و پارتی، بەداخەوە دواتر هەرچەندێک بێت کەیسەکانیان لایەن دادگاکانەوە وندەبێت، بەڵێ دەبێت بگەینە ئەو بڕوایەی کە پشت بەستن بە یاسا بە یەکلایکردنەوەی کەیسەکان، هەڵێکی گەورەیە.
بەیاننامەی فراکسیۆنە پەرلەمانیەکان و، دروستکردنی لیژنەی دەسەڵات، چاوەڕوانی ئەنجامێکی دڵخۆشکەری لێناکرێت.

لە ئەزموونمان لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە ئازادی کوژ و کورد کوژو ڕۆژنامەنووس کوژە تێگەیاندین لیژنەکان و بەیاننامەکان و

ئیدانەکردنەکان، نەیتوانی هیچ یەک لەو تاوانانە ئاشکرابکات کە دژی رۆژنامەنووسان و ئازادیەکانی تاکی کورد کراوە.

کوشتنی ڕۆژنامەنووسان زنجیرەیەک کوشتنە لە شوێنکدا دەست پێدەکات و کۆتاییەکەی دیار نیە. ئەم زنجیرە کوشتنە بەو شێوە چۆتییەی دەستپێکرد، بەوایەکە لەناو بیرکردنەوەی دەستاتدا هەیە بگومان ئەوانەی ئەم کارانەیان لێدەوەشتێوە، بریتین لەو هەرچی و پەرچیانەی، هیچ خوونکی گەورە، هیچ فەرهەنگێک و کلتورێکیان نیە. لە بە فەرهەنگی و بە کلتوریدا دەبنە پاسەوانی سیستەمە داپڵەسێنەرەکان. هەمیشە ئەم"هەرچی و پەرچی"یانە دینامۆیەکی بەهێزن بۆ بزووتنەوە بە سیستەمە سەرکوتکەرەکان. ئەوانە بەشێکی ناو کۆمەڵگەن و لە ئاستی خواروون و شتێکیان نیە لێدەستی بدەن. لە فەرهەنگیدا تەواوی ئەو کارە نامرۆڤانانە دەکەن پێیان دەسپێردرێت و دەبنە دەردێکی کوشندە بۆ کۆمەڵگە و، پارێزەری سیستەمە بیمارەکان. تیرۆرکردنی (وەداد) بەو شێوە دەندانەیە، هەرگیز بە دەستی کەسانێک نەکراوە خاوەن فەرهەنگ و کلتوربن. بەدەستی ئەو "هەرچی و پەرچی"یانە کراوە کە بە فەرهەنگن و، پارێزەری سیستەمێکی بیمارن. تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسێک بەو جۆرە ، لایەن کەسی ئاسایی وەئنجام نادرێت، لایەن هەرچی و پەرچییەکانەوە ئەنجام دەدرێت کە سەر بەدەسەڵاتن.

ئەم ناڵەن وەک ساڵانی ڕابردوو دیسان ئەمساڵیش با لیژنەیەک بە یەکلایکردنەوەی ئەم کێسە دابنرێت، چونکە بروامان بەو پەندە روسییەکە دەڵێت: "هەرکارێک وێستت سەرنەگرێت، لیژنەی بۆ دابنێ." لیژنەکان چاوەڕوانی یەلاکیکردنەوەی کێسەکانیان لێناکرێت و، کێسەکان وندەکەن. بەیانەمانەی فراکسیۆنەکانیش تەنها وەک هەوەستێک وەردەگرین. دادگاکانیش جگای بەوا نین و، ناتوانن سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن. کەوایە کە هەقی تیرۆرکردنی شەوە دەندانەکەی ئەو ڕۆژنامەنووسە یەکلایی دەکاتەوە.

لە ئێستادا پێویستە وا لە (پەکەکە) بکەین و بپرسین: ئایا ئەو ڕۆژنامەنووسە کە سەر بە دەزگاکانی ئەوان بووە، وەلائیشی بۆ ئەوان بووە، تیرۆرکردنی بەو جۆرە جگای بدەنگیە دوای تێپەڕینی چەن ساڵ دەبێت ئەو هێزە بەهەر شێوەیەک بووە هەقی ئەو ڕۆژنامەنووسە وەربگرێتەوە. بکوژەکانی ئەو ڕۆژنامەنووسە، کە بریتین لە کۆمەڵێک هەرچی و پەرچی و، شەوازی کوشتنەکەی هەرچی و پەرچی بوونیان دەردەخات، شایەنی ئەوەن لەسەر کوشتنی ئەو ڕۆژنامەنووسە لەم کۆمەگەیە دوربخرێنەوە و ڕەگایان پێنەدرێت، لەوەزیاتر ژینگەی ئەم

کەمەگە لەبەر خاتری پاراستنی دەسەاتکی بیمار پیس بکەن.

پەکەکە ئەگەر چیتر بەدەنگ بێت، سبەی هەمان ئەو گەنج و ژنامەنوسانەی لەو سنوورە بروایان بە ئازادی هەیە و، وەلائیان بە دەسەات نیە، تووشی هەمان دەخ دەبنەوە. بروای تەواوم بەوە هەیە، پەویستە پەکەکە بە شەویکی ژرد هەقی (وەداد) بسەنتەوە و چاوەڕی کەمپین و بیانناماە و دادگا نەکات چونکە چەن ساەە وەک ئەمە ئاگادارین ئەو کیسە بەلاەدادبرێت بەو پاساوە. ئیدی ئەو شتانە لەم هەرەمە مانایان نەماوە. ناشکرێت پەکەکە وەک هەزە ترسنەکەکانی باشور چیتر بەدەنگ بێت و هەروا رووداوەکی خەماوەر بەسەریدا تێبپەەت. ئەوانەی (وەداد)یان بەو شەوازە دەندیە تیرەرکرد، شایەنی ئەوەن ژیانیان لە بسەنرێتەوە.

شوانە حەسەن ئیبوبەکر

هەنراوە بە مندااڵن.. کەو.. ڕەزا شوان

کەو

من کەوم پەڕ نەخشینم
جوان و ڕووخسار شیرینم
شامەلی کوردستانم
ژینگەمە و نیشتمانم
هەگری کەژ و کەوانم
کانی و دەڵی کوستانم
دەنگم زوەا و خەشە
زەر کەس بەی بە پەرشە
قاسپە قاسپم بەیانیان
لەگەڵ بلووری شوانان
ئاوازەکە بەوەنە
زەر خەش و خەمەوەنە
ڕاوکەر وازم لەبەنە

ساچمه و قوفز بشکنه
با بزیم بئازادی
به دخشی و به شادی
نروج: ۲۰۱۹